# سڵاو لە رۆڵەکانی گەلی کورد

## لە تەحریمی قۆناغی دووهەمی شانۆگەریی هەڵبژاردندا

رۆڵەکانی  گەلی کورد لە قۆناغی دووهەمی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییشدا، چاکی کوردایەتیان بەلادا کرد و ئەمجارەش وەك هەینی رابردوو، بە تەحریم و بایکۆتی ئەو شانۆگەرییە، تاجێکی دیکەی سەروەرییان نایە سەر.

ئەمجاریش سەرەڕای حەول و تێکۆشانی هەمە چەشنەی سەرلەبەری رێژیم و داروەدستەکانی هەردوو جینایەتکار: ئەحمەدی نژاد و رەفسنجانی بۆهاندانی خەڵك بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردندا؛ سەرەڕای خزینی دارو دەستەی سەرلێشێواوی بە ناو "ریفۆرمخواز" بۆ بن شاقەلی رەفسنجانی و داوای کەسنەبیستی ژمارەیەك دۆڕاوی سیاسیی لە دەرەوەی ولات کە ویڕای رەفسنجانی دڵیان بۆ " پاراستنی تەواوییەتی خاکی ئێران" لێدەدا؛ زۆربەی هەرە زۆری رۆڵەکانی گەلی کورد، هەر لە ئیلام و کرماشانەوە تا مەڵبەندەکانی ئەردەلان و موکریان و سمکۆی نەمر، ئەو شانۆگەرییەیان تەحریم کرد و بەشدارییان تێیدا نەکرد. بۆیە هەر چەشنە ئامار و ئەژمارێکی بانتر لە 15 لە سەد درۆ و بوختانە بە گەلی کورد و دوورە لە راستیی.

ناوەندە چۆڵەکانی دەنگدان و سنوقە بەتاڵەکان لە دەنگ، بەڵگەیەکی مادی و قانوونیین بۆ نەبوونی هەرچەشنە مەشروعیەتێکی رێژیم لە کوردستان و هەر جۆرە جێگە و پێگەیەکی دەستە و تاقمەکانی و نەبوونی هیچ هیوایەك بە چاکسازی رێژیم.

هاو هەڵوێستی گەلانی دیکەی ئێران لە تەك گەلی کورد لە تەحریمکردنی ئەو بەناو هەڵبژاردنەدا، نەمانی مەشروعیەتی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری ئێراندا، سەلماندەوە.

سڵاو لە رۆڵەکانی گەلی کورد بۆ تۆمار کردنی ئەو سەروەرییانە. پیرۆز بێ لە گەلی کورد ریسوایی و شکستی رێژیمی داگیرکەر. سوپاس و دەستخۆشی بۆ ئازادیخوازان، رووناکبیران و تێکۆشەرانی هێزە سیاسییەکان کە دەوری گرینگیان لەم سەرکەوتنانەدا گێڕا.

**شەکاوە بێ ئالای رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**

**سەرکەوێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندیی**

4/پوشپەڕی/2705

25/ژوئەنی/2005

www.ruk2691.com

Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467 کوردستان(ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com, TEL: 202-4923-235, 519-489-062, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

ئادرێس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی336 – مامۆستایان، ژمارەی خانوو(7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467